www.kurdistannet.org
19-2-2007 19:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوشتنی ژن لە باشوری کوردستان بەردەوامە ... روناک ئەحمەد



بەو حوکمەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی داخراوو دواکەوتوە، لەبەر ئەوە هەموو چینەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچەوسێنەوە. بێ گومان ڕەگەزی ژنیش لە ناو ئەو چینانەدا وەک و بەشخوراوترین توێژ وایە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. هۆکاری بنەرەتی ئەم ناعەدالەتیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئازادی بێگومان بە مانا مەدەنیەکەی، واتا ئازادی بیروڕا.
ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە باشوری کوردستان توانیویەتی تاڕادەیەک ئازادبێ و لە ژێر فشاری دەوڵەتی داگیرکەردا نەمێنێ. بەڵام ئەو ئازادیە سیاسی یە کە هەمانە نەی توانیوە ئازادیە مەدەنیەکان بەدەست بهێنێ و کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بهێنێ.
لێرەدا هەرهەوڵێکیش درابێ بەنیازی چارەسەر کردن تەنها لەبواری نوسین و راگەیاندنا ماوەتەوە و نەخراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. نمونەی ئەم ناعەدالەتیەش رۆژانە دەی بینین و چەندین ڕوداوو دیاردەی تراژیدی لە باشوری کوردستان دوبارە دەبێتەوە، ژن لەو نێوەدا دەبێتەوە بە قوربانی.
وێرای ئەو یاسایانەی کە دژ بە کوشتنی ژن بۆ سرینەوەی شەرەف و فرەژنی دەرکراون، بەڵام تەنها لە چوارچێوەی یاساکاندا ماونەتەوە و نەخراونەتە بواری جێ بە جێ کردنەوە.
لەم بوارەدا رۆڵی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی تایبەت بە ژنان زۆر گرنگە، هەر چەندە هەندێ ڕێکخراو هەیە لە شارەکاندا کە چوارچێوەی کارو هەڵسورانیان سنوردارە. وە هەموو دەزانین ئەو روداوو دیاردە تراژیدیانە لە شارۆچکەو لادێکاندا زیاترە، بۆیە رۆڵی ئەم ڕێکخراوانە لە چارەسەرکردندا زۆر کەمە و لە بەرامبەریاندا دەستەوەستانە. تا ئێستاش زۆرێک لە شارۆچکەو لادێکان بێ ئاگان لە کارو هەڵسورانی ئەم ڕێکخراوانە. . بێ گومان گەشەسەندن و بەرەو پێش چونی بزوتنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا کارێکی زەحمەتە، بە نیسبەت کلتورێکی کۆڵەوارو کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارەوە، بەڵام ئەمەش نابێت وا بکات لە ژنان دەستبەرداری کاروخەباتی خۆیان ببن و بێ هیوا بن و واز لە مافە سروشتیەکانی خۆیان بهێنن.
ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی و کۆڕو کۆمەڵەکانی ژنان و روناکبیران بە جدی کار نەکەن. ئەوە هەمو رۆژێ دیاردەی وەک شێخان دووبارە دەبێتەوە.

کۆڵن 19/2/2007-

runnak@hotmail. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.